به ناوی بەرزە ناو

## بزەی پـەپـوولــە

## سەلاح نیساری

دایە گەورە گوتی:منداڵان پەپوولەیان خۆش دەوێ،پەپوولەش گوڵ و رووناکی.
پەپوولە گوتی: تەنیا چڵێک گوڵ شک دەبەم، ئەشێ لە جێیەکدا بیچەقێنم، رۆژێ جارێک بتوانم بۆنی پێوە بکەم.
بەیانی خۆرەتاو لە خەو هەستا، پەپوولە گوڵی برد و لە دەم کانیاوێک چەقاندی، کانی ئاوی پێدا و گەشاندییەوە.
لە سەر کێوێک چەقاندی، شنە باوەشێنی کرد.
لە نسارێک چەقاندی، هەنگ بۆنی پێوە کرد و هەلاڵەی چنی.
لە شەودا چەقاندی،ئەستێرە بە دەوریدا کەوتنە سەما کردن.
لە نیوەڕۆدا چەقاندی، خۆرەتاو هێز و تینی پێدا.
لە دەمرێگادا چەقاندی، کاروانچی تێر تەماشای کرد.
لە سەر دەرانەی ماڵی دایە پیرە چەقاندی، هەموو پەنجەرەی ئاوایی کرانەوە.
پەپوولە زۆر ئاشق بوو حەزی بە جوانی گوڵ دەکرد.
هەنگ هات و شیلەی گوڵی چنی و مێو و هەنگوینی ساز کرد.
پەپوولە مۆمی هێنا و شەمی ساز کرد،شەم بوو بە چرا، بە رووناکی خۆی تاریکی شەوی سڕیەوە، ئیتر پەپوولە و گوڵ و شەم لەو رۆژەوە، لەو شەوەوە ئەویندارن حەز بە جوانی دەکەن.

## شــــــــووتــــی

دایە گەورە گوتی: من منداڵی ژیرم خۆش دەوێ بۆیە ئەم چیرۆکەیان بۆ دەگێڕمەوە:
زەمانی زوو، وەکوو ئێستای خۆمان نەبوو، کەژ و کۆ، کێو و چیا، دارستان و لێڕەوار بوو، دەر و دەشت باخ و بێستان بوو.

رووبار پڕ بوو لە ماسی و مراوی، دارستان پڕ بوو لە ئاژەڵی جوان و مێهرەبان(د لۆڤان) پڕ لە ورچ و کەروێشک و فیل و زەڕافە و شێر و مامز و بزنە کێوی.
پەلەوەر و باڵندەی رەنگاورەنگ، هەموویان بە یەکەوە دەژیان، مەیموون بە سەما و کارە جوانەکانی گیاندارانی خۆشحاڵ دەکرد. ئازاری یەکتریان نە ئەدا، هەموو یەکتریان خۆش دەویست بە دار و بەردەوە.
رۆژ رووناکی ئەبەخشی و شەو بە مانگ و هەسارە خشڵ و پووڵەکە و مەلیلەی کردبووە بەرۆکی ئاسمان و هەتا بەیانی هەر تروسکە و بریسکەی مانگ و ئەستێران بوو، لە نزیک ئەو دارستانە خۆشەدا، بنەماڵەیەک دەژیان منا لێکی لاساریان هەبوو! ئەو رۆژەی کە دایکی نانی بۆ دەکردن، کۆڕێژگە ئاوی دەکرد بە سەر ئاوردووی تەندوورەکەدا! کۆلکە و داری سووتەمەنی لە ئاو هەڵدەکێشا! ئیتر ئەوانیش نەدەسووتان، دایکی کوڕە لە کاتی نان کردنا زۆری ئازار دەبینی و دووکەڵ ئەچوو بە چاویدا، نانەکانی بە سەر ساجەکەوە رەش دەبوون و دەبوون بە کۆڵوو. مناڵ کە زۆری نانە سووتاو خوارد ریخۆڵەی گیرا و گرفتی کرد. ئەو شەوە هەتا بەیانی زیڕاندی و گریا و هاواری کرد. ژیانی لە ئاژەڵان تاڵ کرد و ...
بەیانی فیلی دلۆڤان خۆی گەیاندە بەر درگای ماڵی کۆڕێژگە، سەیری کرد لە باوەشی دایکیدا دەگری و دەناڵێنێ، فیل بە خێرایی چوو لە بێستانەکە شووتییەکی باشی بە خەرتوومەکەی هەڵگرت و هێنای دای بە دایکی مناڵەکە.

***

مناڵە ژیرەکان، ئەو کوڕە شووتی خوارد و ژانی زگی تەواو بوو، دایە گەورەش دۆعای بە خێری بۆ فیل کرد، با لەوە فیل تر بێت!

مناڵە چاو گەشەکان ئێوەش جارو بارە میوە بخۆن، وەک شووتی و هەرمێ، مۆز، سێو، هەنارو...

## سـەیــــــــــــدەوان

راوچی حەوتەی جارێک تاجییە رەشەی رست دەکرد، رووی دەکردە دارستان و تەماڵی هەڵدەنا.

کەروێشک بێچوولەکانی بە جێ هێشت و لە لان دەرپەڕی. تاژی بە دارستانەکەدا سووڕاندییەوە، لە داوێنی لێڕەوار کەروێشک کەوتە نێو شێوەردێک، تۆمەز قاچ و دەستی کەروێشک قووڵە بوو، نەیتوانی خۆی لە کەندولەند و کولۆی شێوەرد دەرباز بکا.
تاجییە رەشە، گەیشتە سەری و بۆقەتەی ملی گرت، سەری داخست و نایە بەردەستی راوچی.
سەیدەوان دەستی بە زارەکی توربێنیدا کرد، سەولەیەکی خستە بەر دەمی.
لە پاش چەند ساڵ راوچی تووشی چەند جۆرە نەخۆشی هات، ورگی بەر بۆوە، تووکی سەری هەڵوەری، بەرخەبەبەی داچۆڕا، هەر دوو دەستی شۆڕ بۆوە، بە زەحمەت دەیتوانی هەستێتە سەر پێ. دار دەستێکیان لە دارستان بڕی و بۆیان کرد بە گۆچان.
دوکتورەکان عەرزیان کرد ناشێ گۆشت بخوا. راوچی ئیتر کاری بە تاژییە رەشە نەمابوو، لە چلەی زستاندا بەرەڵڵای دەر و دەشتی کرد.
گورگی دارستان هاتنە خوارێ و لە کازیوەی بەیانیدا ورگیان دڕی.
تەماڵ: کەروێشکێ لە نێو لاندا بێ
تۆمەز: وابزانم، گومان بردن
توربێن: تۆشە بەرە، خورجین
رست کردن: پەت کردنی تاژی
سەولە: ئەو نانە خەپلەی دەدرێ بە گەماڵ و تاژی
سەیدەوان: راوچی
شێوەرد: زەوی کێڵدراوی دانەچێندراو

## مـەیمــــــــوون

لە رۆژگاری کۆن و کەونارادا چیای زاگرۆس دار و درەختێکی زۆری بە ئامێزەوە بوو، هەر ئەو کاتیش چیای« ئاویەر، داڵاهۆ، بێستوون، ئاربابا، نەکەرۆز، وەنەوشە، تەرەغە، ناڵەشکێنە، بەیان، شاهۆ، سوڵتان، کێلەشین، قەندیل، سەفین، هەڵگورد و...»ئەوانە گشتی لێڕەوار و دارستانێکی چڕ بوون.

جوانی و بۆن و بەرامەی ئەو چیا و جەنگەڵە چڕانە دانیشتوانی گوند و شاری حەساوە و سەرخۆش دەکرد. رێبواری ماندوو بوو لە ژێر سێبەری دار و درەخت دەحەسایەوە و بە دەنگی مەل و جریوەی باڵندە شەکەتی دووری رێگەی لێ دوور دەکەوتەوە.
باڵندە و ئاژەڵان لەو پەڕی خۆشیدا دەژیان و هەستیان بە گرفت و خەفەت و ئازار نەدەکرد، درندە و فرندە، خزۆک و خشۆک بە بێ کێشە لەم ژینگە خۆشەدا دەژیان.
رۆژ و مانگ و ساڵ هاتن و رابواردن، مەیموونێکی پیری زەبەلاح شەوێک لێیان کەوتە سەر تەماح، بە فێڵ و تەڵەکە و درۆ، هەر رۆژەی بوو بە میوانی هۆز و دەستە و تایەفەیەک، بە خاپینۆکی و درۆ و دەلەسە، ئاژاوەی خستە نێویانەوە و ورد و درشتی بە یەکدادان،
رۆژێک شێر و بەور و داڵ و پیرە هەڵۆ، کۆبوونەوە و تەکبیریان کرد و یەک دەنگ، بە هانای ئەو ژینگە خۆشەوە چوون.
کەروێشک گوتی: دۆستان، مەیموون زۆر لە جاڵجاڵۆکە دەترسێ! باشە بیرێکی بۆ بکەینەوە.
شەوێک رێوی، جاڵجاڵۆکەیەکی زۆری بەردایە گیانی پیرە مەیموون!
گیانداران بۆ ماوەیەک سەیریان کرد و تیزیان تێگرت و لاتاویان پێدادا،
ئەمجار بۆ ئەوەی دا پیرۆک و جاڵجاڵۆکەی لێ دوور بخەنەوە بەر بوونە لێدانی شەو و رۆژێک ئاژەڵ و باڵندە بە چنگ و دەندووک لێیان دا و پچڕیان.

کورد دەڵێ: چاکی مەکە با خراپ نەبێ! مەیموونیان دەسبەسەر کرد و خێر و خۆشی بۆ دارستان گەڕایەوە.

## هەرای چەقـــۆ و پەتاتە

چەقۆ لە چێشتخانە پاڵی بە دیوارەوە دابوو. هێرەڵماسییەکان لە نێو دەفرێکدا سرتوو خرتیان بوو!
چەقۆ دەستی لە کەلەکەی نا،بە بزەوە گوتی: ئەوە باسی چی دەکەن؟
سێوە بن عەرزیلە گوتیان: باسی تۆ!
چەقۆ گوتی: بە چاک یان بە خراپ!؟
تێکڕا گوتیان: بە خراپ!

چەقۆ گوتی: خراپی من چییە؟
هێرەڵماسی گوتیان: چی لەوە خراپتر، بگەی بە هەر چییەک، سەری دەبڕی و لەت و کوتی دەکەی!
چەقۆ گوتی: باشە، باوابێ دواتر وڵامتان دەدەمەوە، بەڵام ئێوە بێژن چاکەتان چییە؟
سێوە بن عەرزیلە گوتیان: لەوە باشتر چی هەیە، بۆ خواردن دەبین، بۆ دەرمان دەبین، ئێمە بۆ مرۆڤ بەهرەمان زۆرە و هێرەڵماسی کوڵاو بۆ مرۆڤ سوود و قازانجی هەیە.
چەقۆ گوتی: منیش ئەم شتانە دەزانم. منیش بەهرەی زۆرم بۆ مرۆڤ هەیە!
هێرەڵماسی لە تاوەکەدا چەند جارێک هەڵبەزین، گوتیان: لە بڕین و بریندار کردن بەو لاوە، چی باشت هەیە، گەلێ جاریش بە دەمی تۆ زۆر کەس دەکوژرێ و ئاژەڵ و با ڵندەش سەر دەبڕێ!
چەقۆ گوتی: ئێتر ئەوەیان تاوانی من نییە، خەتای مرۆیە، ئینسانی باش بۆ کاری باش بە کارم دێنێ و جەڕراحی و نەشتەرگەریم پێدەکات، هەزاران دمڵ و لوو، برین و شێرپەنجە و نەخۆشی بە دەمی تیژی من لادەبرێ، مرۆی خراپ بۆ کاری ناشیاو بە کارم دێنێ، ئەوە نییە کابانی خراپ و نەزانیش فرە ئێوە لە رۆندا هەڵدەقرچێنێ و سوورتان دەکاتەوە، دەبنە هۆی دروست بوونی نەخۆشی و تەنانەت شێرپەنجەش!

## خا ڵخا ڵـۆکە و بێستـــان چـــــی

پۆلێک خاڵخاڵۆکە لە کۆشی بێستانێکدا ژیانێکی خۆشیان هەبوو. ئەو بێستانە کانییەکی جوانکیلەی لە بەر دەمدا بوو، دێراوەکانی بە بڕکەی کاڵەک و شووتی و خەیار و ترۆزی و تەماتە رازاندبۆوە.
بێستانچی بە بێ ئەوەی هەست بە ماندوو بوون بکا، بە کانی و جۆگە و بێستانەکەی رادەگەیشت و بژاری دەکرد، کەڵە و جلە و میملێ لێ دوور دەخستەوە؛ خاڵخاڵۆکەکانی خۆش دەویست و ئازاری نەدەدان، ئەوانیش رۆژ تا ئێوارێ بەسەر بڕکەکاندا دەهاتن و دەچوون، خزمەتی بێستانەکەیان دەکرد و بەهرەی باشیان پێدەگەیاند! هەتا کرمۆکە و شەتە و جڕ و جانەوەر خەریکی خواردنی گوڵ و بڕکە و پەلکی رووەکەکان نەبن.

هەر کاتێکیش بێستانەوان لە ژێر سێبەری کەڵە بی دادەنیشت و خەریکی پشوودان و حەسانەوە دەبوو، تێکڕا بە شان و قۆڵیدا هەڵدەگەڕان، بە سەر سەریەوە تۆپەڵ دەبوون. زۆر جار وێنە گران سەردانی بێستان چییان کردبوو، تەنانەت وێنەی زۆریان لە رۆژنامە و پەرتووکاندا چاپ و بڵاو کردبۆوە.
ئەم پیرە مێردە هەموو گیاندارانی خۆش دەویست، حەزی نەدەکرد پێ بە هیچ گیانلەبەرێکدا بنێ، ژەنگەسوورەیەک رۆژی چەند جار دەهاتە سەر کانی و ئەستێرەکە بۆ ئاوخواردنەوە، تەنانەت جارێک بە پشتی دەستی لالۆی بێستانەوانیەوە دابوو، دەستی خەپلە ببو، بەڵام ئە و هێشتا نەی کوشتبوو .
بێستانەوان چەند رۆژێک بە هۆی لاق هێشەوە سەردانی بێستانەکەی نەکرد، تازە دەهات بێستان دابیخات و سووری تێ بکەوێ، بڕکەی چەند دێراوێک زەرد هەڵگەران! لە گوڵ کەوتن. تۆمەز ملەیەک بە بێستان فێر ببوو، خەریکی قرتاندنی ریشەی خەیار و ترۆزی بوو، خاڵخاڵۆکە هەر کە ئەوەیان زانی وە ئامان هاتن و خەم دایگرتن؛ بەڵام هیچیان دەگەڵ ملە پێنە کرا، نیوەڕۆیەک لەو شوێنەی بێستانەوان لێی

دەحەسایەوە، تۆپەڵ بوون و کەوتنە تەکبیر کردن! لەو کاتە دا ژەنگە سوورە هات بۆ ئاو خواردنەوە، هۆزی خاڵخاڵۆکەی زۆر پەرێشان دیت، بە ویزەویز چەند جارێک هات و چۆی کرد، گوتی: خاڵخاڵۆکە وردیلە، بۆ ئاڵۆز و پەشێون؟
خاڵخاڵۆکە، یەک دوو جار باڵیان بە یەکدادا، گوتیان: بێستانچی نەخۆشە و زۆر کەم بە بێستانەکە رادەگا، ملەیەک بە دێراوەکان فێر بووە، خەریکی خواردنی رەگ و ریشەی بڕکەکانە....
ژەنگە سوورە نەختێکی ئاو هەڵمژی و گوتی: ئێوە خەم مەخۆن، بیسپێرن بە من، هەستن بڕۆن بە لای ئیش و کاری خۆتانەوە، منیش خەمی دەخۆم!
بەیانی پێش ئەوەی خاڵخاڵۆکە لە خەو هەستن و لە ژێر پەلک و گەڵای کاڵەک و شووتی و خەیار بێنە دەرێ، مامەی بێستانچی بە قەراخ دێراوەکاندا تێدەپەڕی، لە پڕ شتێک سەرنجی راکێشا، خاڵخاڵۆکە بە قاقای بێستانچی وەخەبەر هاتن و لە بن بڕکەکان هاتنە دەرێ، بەڵێ ژەنگە سوورە چزەی لە ملە هەستاند بوو، لە دێراوێکدا پشتە و قەفار کەوتبوو، بە قەت تۆپەوانەیەک هەڵمسابوو.

## ئـــــــارام

مامۆستا هەموو رۆژانی پێنج شەممە کاتژمێرێک وەختی بۆ مناڵەکان دادەنا، تا پەخشانێک، شێعرێک بخوێننەوە، بیرەوەری بگێڕنەوە، یان ئەوەی رۆژانی هەینی لە ماڵێ خەریکی چی دەبن و چۆن کات بە سەر دەبەن لەو دەرفەتە کەڵک وەربگرن. ئەمڕۆ پێنج شەممەیە، هیوا روخسەتی لە مامۆستا وەرگرت و گوتی: «مامۆستا رۆژی هەینی هەر لە بەیانییەوە هە تاکوو کاتژمێر ١٠ی شەو خەریکی یاری ئەتاری دەبم!»
سیروان، لە پاش روخسەت وەرگرتن، گوتی:
«مامۆستا، منیش رۆژی هەینی لە تەک باوکم دا خەریکی یاری بلیارد دەبم و فراوێنیش گۆشتی قەل دەخۆم!»
هەژار، قامکی بەرز کردەوە و گوتی: «رۆژی هەینی دەچم بۆ ماڵی کوڕی پوورم، فێری کار کردن بە کامپیوتێر دەبم.»
ئازاد، لە گەڵ روخسەت وەرگرتن لە مامۆستا، گوتی: مامۆستا دایکم دەڵێ: یا خوا قەت جومعە نەیەت!
مامۆستا گوتی: بۆ ئازاد، لەبەر چی؟
ـ مامۆستا، بابم پڕ ساکێک دەفتەر دەهێنێتەوە، هەتا نیوەشەو هەر خەریکی حسابی کڕین و فرۆشتنە، ئەوەندە پووڵ و پارە،ئەوانە قەرز، ئەوانە چەکی مانگی...
ئارام لە جێی خۆی هەستا و ئەنگوستی بەرز کردەوە، مامۆستا گوتی: با بزانین ئارام چیمان بۆ باس دەکات، ئارام گوتی: رۆژانی هەینی من و بابم و برا چکۆلەکەم دەچینە ئەو حەسارە چۆڵەی پشت ماڵەکەمان، مرۆ بەفرینە ساز دەکەین و دەست دەکەین بە یاری کردن و شەڕە تۆپەڵە!
مامۆستا دەیزانی ئارام تەنیا رۆژێک شک دەبەن و زۆریش بە هەژاری دەژین، بەڵام منداڵێکی فرە زیرەک و دەرس خوێنە.

## بـــریقـەی مـــــۆم

منداڵەکان بە دەوری دایە گەورەدا کۆبوونەوە، هەر وەک جاران چاوەڕێ بوون چیرۆک و سەر بردەی خۆشیان بۆ بگێڕێتەوە، هەر منداڵەو مۆمێکی دایە دەستی و گوتی: رۆڵە شیرینەکانم، ئەو شەمانە هەڵبگرن بۆ کاتی خۆی، ئێستاش گوێم بۆ رادێرن، چیرۆکێکی خۆشتان بۆ دەگێڕمەوە.
کچە زا و کوڕە زا بە دەوری دایە گەورەدا خەرمانەیان دابوو، زیت و وریا مەحتەل مابوون ئاخۆم حەقایەتی ئەمجارەی نەنەگیان دەبێ چیبێ.
نەنکی زارۆکان، چاوێکی پێدا گێران و لە سووچێکی ژوورەکەراما و گوتی:
ـ با نەنکی خۆتان بۆتان وەگێڕێ، زۆریش پێش ئێستا زەمانی زوو، عەردو عاسمان، بەژ و زەریا، دارستان و چرگەن و کۆ، نزم و نەوی، سیس و قەوی ، دانەر و راهێنەری بوو، چ شتێ بە بێ خاوەن نەبوو، خاوەنی بێ گیان و گیاندار، هەر خوا بوو خۆی کردگار، لە بان ئەم چیا و زەنوێرە، لەملا و لەولا، لەوێ و لێرە، گوند و شار بوو، لادێ و دێهات، پڕ لە مەردم جمەی دەهات، هەر کەس سەرگەرمی کارێ بوو،

وەرزی خۆشی بەهاریٚ بوو، بۆنی شینکە و بۆنی گوڵ بوو، دەر و دەشت بە کەیفی دڵ بوو، جریوە و جیکەی مەلان بوو، پڕمەی کوێتەی سەرتەلان بوو، خوڕەی تاڤگە و رووبار دەهات، بەزمی و نەزمی بەهار دەهات، لە پڕ بووبە هەور و هەڵا، لە دار بەر بوونەوە گەڵا، با، ڕنی پرچی دەوەنیٚ، مەڵۆی رادا لە بەندەنیٚ، بوو بە بروسک و دای بە یەکدا، چەخماخە بوو لێکدا لێکدا، ئەسپێکی رەش بە سوارەوە، لەم بانە هاتنە خوارەوە، رەش سوارێکی گرژ ومۆن بوو، پێویست ناکا بێژین چۆن بوو! هات و بوو بە خاوەنی شار، لە شار و دیٚ دەسەڵاتدار، بە هەرلایەکدا رادەبرد، دایەپاچی درشت و ورد! رەحمی نەبوو بۆ جوان و پیر، ئەیجنین وەکوو پەلکی سیر، خەڵکی گشتی وەزاڵە هات، دەنگی نزا و سکاڵا هات، پەتی خستە ئەستۆی هەوران، قەمتەری خستە دەم بەوران، بیٚ جووڵە مان هەور یەکجار، بە سەر شار دا بوون بە دەوار، دنیا کپ و تاریک مابوو، هەر رێیەکی باریک مابوو، تروسکەی رووناکی تێدا، خۆشی مابۆوە لەوێدا! سوار هەڵی کوتایە نووری زۆری بڕی رێگای دووری، نەگەییە تیشک و رووناکی بەر بینی پیٚ گرت هیلاکی، کۆڵان تەنگ و رێگە دوور بوو، پاش و پێشی مار و موور بوو، وەر نەسووڕا ئەسپی سوارۆ، خاسی گیر کرد

سوارۆ و مارۆ، هیلاک و برسی مانەوە، کەس ئاوڕی ویٚ نەدانەوە، بە لادا هاتن و کەوتن، مار و مێروولە سەر کەوتن، مێروولە و مار دەیان گەزین، هەتا مردن هەڵبەزین!
مایەوە پێشە و ئێسقانیٚ لە گەڵ چیرەی چەند ددانیٚ، هەوریش هەر وا خەست و رەش بوو، بە سەر شارەوە دابەش بوو.
***
دایە گەورە بەدەم گێڕانەوەی حیکایەتەوە خەوی لێکەوت، منالان بە پۆپەشمین دایان پۆشی، کاتێک وەخەبەر هات، منالان مۆمەکانیان هەڵکرد ووە و بە دەوریدا خەریکی گۆرانی و سەما کردنن، دایە گەورە، سەیری کرد چڵکە هەورەکە بە لەز دەڕوات وئاسمانی ئاوەدانی بەجیٚ دەهێڵیٚ.

## هـە تــــــا و

دایە گەورە گوتی:
زۆر لە مێژە هەتاو کەسیرەیە و لە پشت کێوە رەشەوە کۆشمەی کردووە، خۆ ئەو ناتوانیٚ بە بیٚ یاریدە و هەرەوەزی ئێوە وەسەر بکەویٚ و بگاتە تەشقی ئاسمانی شارەکەمان! ئێستا ئەوە ئێوەی ژیر و وریان دەبیٚ بچن بە هاواری خۆرەتاوەوە! دەستی بگرن و بەرزی بکەنەوە، لە هەورازی کێوە رەش وەسەری بخەن و یارمەتی بدەن!
ئیتر ئەم کارە هەر لە ئێوە دەوەشێتەوە بە منداڵی زیرەک و ئازا دەکریٚ، نابیٚ خەو خەو و هێڕ و تەمبەڵ بن.
دایە گەورە تێی گەیاندن، چۆن بچن، بسکی هەتاو شانە بکەن و لە خەوی هەستێنن، لەو ماوەیەدا، نەدەنگی مەل و جریوەی پەلەوەران دەهات، نە خونچە گوڵ دەکرانەوە و نە ئەستێرە

و مانگ بزە و تریفەیان مابوو، شنە خەوتبوو، خوڕە و هاژەی رووبار و تاڤگە و ئاوهەڵدێران نەدەهات!
ساواکانیش مەمکی دایکیان نەدەمژی! بۆق نەیدەقیراند و ماسی رووباران بە بیٚ هێز و فڕکە مابوون!
دایە گەورە منداڵەکانی رەوانە کرد، هەتا شەو شەق بوو هەر دانیشت و بیری کردەوە و چاوی لە ئاسۆ بڕی. خەونووچکە بردییەوە، شەکەت و ماندوو خەوی لێکەوت، بەیانی کە لە خەو هەستا سەیری کرد هەموو دنیا رووناکە، بە تایبەت شارەکەی ئەوان! خۆر باڵا پیاوێک بە ئاسماندا هەڵچووبوو، منالەکانیش هیلاک و ماندوو بەرەومال دەبوونەوە، بە دەنگی مەل و مراوی و جیکە و فیکەی پەلەوەر و باڵندە حەسانەوە و زۆریش بە هەڵبەزدابەزی ماسی و کەروێشک قاقایان کێشا، بۆنی گوڵ و رێحانە دەر و دەشتی پڕ کردبوو.

## بـــزن پـــا شـــــــــــا

پادشای دارستان خەوی لێکەوت!
بزن ئەم هەلەی بە دەرفەت زانی و بە رەوەزێکدا وەسەر کەوت، لە سەر گا بەردێک قیت راوەستا! رووی کردە ئاژەڵەکان و هێڕاندی:
ـ لە ئەمڕۆ بە دواوە ئەمن پادشای ئەم دارستانەم! هەر ئاژەڵ و گیاندارێک سەر پێچی بکات لە ئەمر و فەرمانم، بەم شاخە تیژانەم ورگی هەڵدەدڕم!
هەرچی بڵێم هەر ئەوەیە، ئیتر لە مەو لا فەرمانڕەوای لێڕەوار منم!
رۆژێک کاژیلەی بزن پاشا بە باقە باق هاتەوە بەر دەمی دایکی و بە پەرۆشەوە باقاندی:

ـ دایە ! کارێلە و بەرخەکان یاریم لە گەڵدا ناکەن، دەڵێن ماندوو بووین، ئیتر کایە کردن بەسە، بەڵام منیش حەزم لە کایە و یاری کردنە.
بزن پاشا هێڕاندی:
ـ کوڕی خۆم کایە بەسە! تۆ لە بەیانییەوە خەریکی یاری کردنی، کایەش هەر تاوێک خۆشە!
بزن پاشا، لەو ماوەیەدا گەیشت بە نەمام و کرووساند ییەوە، زیانی کرد، پەلک و گەڵای گوڵ و بێستانی رنی و خواردی، لە بن زگی کاوڕ و شەک و گوێرەکەی هەڵدا، شاخی کرد بە ورگی ئاژەڵاندا و غەدری کرد لە گشت گیانداران!
بەیانی شێر لە خەو راست بۆوە، چەند جارێک خۆی کێشاوە و سەر و شانی راوەشاند، چاوی لە دەورو بەری خۆی کرد، پڕ بە لێڕەوار بۆڕاندی!
بزن پاشا هەر ئەوەندەی چاوی بە نەڕە شێر کەوت، لە حەژمەتان لە رەوەزێکەوە کەوتە خوارێ، کاژیلە چووە بن سەری بزن، هێقە هێقە دەیناڵاند.
بێچووەکەی باقاندی:
ـ بۆ دەنا ڵێنی ؟ پا دشای دارستان هەر تاوێک خۆشە!

## هـــــــــەوراز

کوڕێژگە هەموو بەیانییەک بە دەنگی پەلەوەران لە خەو هەڵدەستێ، لە بەر پەنجەرەکەوە سەیرێکی باخچەی گشتی دەکات، وەرز وەرزی بەهارە و مانگیش مانگی بانەمەڕ و گوڵاڵە سوورەیە، بۆ چەند چرکەیەک تای پەنجەرە دەکاتەوە و بەرامەی خۆشی بەهاری بەدەم شنەی بەیانەوە هەڵدەمژێ، پارەکەش هەر ئەم کارەی دەکرد!
دیارە ئەو کاتی منداڵتر بوو، دایکی لە چێشتخانەکەوە گازی دەکا:
ـ کوڕم هەوراز، پەنجەرەکە پێوە بدە، با پەڕ دەبێ! بچۆ دەست و چاوت بشۆرە و وەرە پاروویەک نان بخۆ، هەر نەبێ شەربەیەک شیر بخۆ.
هەر چەند بە دڵ حەز ناکا، واز لە سەیری دەر و دەشت و گوێ گرتن لە دەنگ و جریوەی مەلان بهێنێ، بە گوێی دایکی دەکات و بەر پەنجەرەکە بەر دەدات.

***

هەوراز هەر وەکوو هەموو منداڵانی ژیکەڵە و رەزا شیرین لە تەک دایکیدا چۆتە بازاڕ، بەڵام ئەو شتەی ئەو داوای دەکا، دایکی بۆی بکڕێ، زۆر جوان و شیاوترە لەو لەیستووک (ئەسبابیازی)یانەی کە زاروزێچی جیران و هاوسێماڵ گرووی بۆ دەگرن و بە پووڵ و پارەیەکی زۆر بە دایک و بابی خۆیانی دەکڕن!
هەوراز لە ناکاو، چاوی بە سازدەمێک کەوت، بە بەر شووشە بەند و جامخانەی فرۆشگە و دووکانێکەوە!
ئەو ئامێرە وێنەی باڵندەیەکی بچووکی بە سەرەوە بوو، گوتی:

ـ دایکە، حەز دەکەم ئەم شتەم بۆ بکڕی!
دایکی گوتی: تۆ ئەمەت بۆ چییە؟
هەوراز لە وڵامدا گوتی: «دەمەوێ ببم بە خاوەنی ئەو چۆلەکەیە بە سەر سازەکەوە.»
دایکی گوتی: «ئەگەر نرخی زۆر نەبێ، بۆت دەکڕم،» بە قیمەتێکی گونجاو سازدەمەکەی بۆ کڕی.
فرۆشیار گوتی: «دەنگی ئەم سازە هەر لە دەنگی بولبول دەچێ!»
***
منداڵەکان ئێستا هەوراز ساڵ و تەمەنی زۆرە و مامۆستای مۆسیقا و گەلیک لە ئامیرەکانە، ویڵۆن، تار، دەف، نایە، کەمانچە، شمشاڵ و...
منداڵە هاوتەمەنەکانی ئێستا کە گەورەبوون، تازە دەزانن چەندە لە هەڵە دابوون، بە لەیستووکی دزێو و ناحەزەوە فێری ئاکاری خراپ بوون و تەنانەت ئێستاش کە خاوەنی ریش و سمێڵن، تووڕە و تۆسن و لاسارن!

## بیـــــــــرەوەری

منداڵەکان، یادی بە خێر، ئەو رۆژگارەی منیش وەکوو ئێوە منداڵ و کرچو کاڵ و هاوتەمەنی خۆتان بووم!

تازە لە پۆلی دوو و سێ دا بووم، گوندەکەمان لە بن پێی شاری دا بوو، مامۆستایەکی ئێجگار فرەزان و مرۆ دۆست و ژیر و وریامان هەبوو، لە خۆمان دوور و هاوزمانی ئێمە نەبوو! لە ناوچە و دەڤەرێکی سەرسەوزەوە (رەشت و گێلان) راهاتبوو، پێیان دەگوت: سپای دانش دەرس و وانەی باشی پێدەگوتین و ئینشا و مەشقی چاکی پێدەداین، لێپرسینەوەی دەکرد و فێری دەست کرد و وێنە کێشان و تەنانەت چیرۆک نووسینی دەکردین!
وانە گوتنەوەی ئەو مامۆستایە شەممە و جومعەی بۆ نە بوو، وەخت و بێوەختی بە لاوە گرنگ نەبوو؛ زۆربەی جار چرا تۆڕی دەهێنا کەلاس و هەتا درەنگانی شەو وانەی دەگوتەوە، یادی بە خێر، ئەگەر ماوە لەشی ساغ و ئەگەریش تەمەنی وەبەر خۆرنشین کەوتووە، ئەوا گڵکۆی پڕ بێ لە نوور.
رۆژی پینج شەممە پێی دەگوتین:« بەیانی هەینی هەر کەسەی کراس و پاتۆڵ و ئارەق چنێک دەخەنە بوخچەیەکەوە و نەفەری سێ قران پووڵ لە گەڵ خۆتان بێنن!
کاتی چوونە حەمام و پاک و خاوێنییە.»
بۆ بەیانیدا تێکرا سەرەی پێدەگرتین و ریزی دەکردین، دەی بردین بۆ گەرماو، جوان خۆمان دەشووشت و جل و بەرگە خاوێنەکەمان دەبەر دەکرد و ئەوانی دیکەشمان دە بوخچە دەنا، هەر کەسەی قرانێک پارەی خۆ شۆردنی خۆی دەدا بە حەمام چی، دواتر دەی بردین بۆ شیرینی فرۆشی و قەنادی، لەوێش هەر کەسە و بایی قرانێک شیرینی پێدەکڕین و دەمانخوارد، ئەمجارە سەردانی پەڕتووک فرۆشیمان دەکرد و هەر کەسەی گۆڤارێکی منداڵانی بۆ دەکڕین، دەبوو هەر کەس قرانەی خۆی بدا بە گۆڤاری منداڵان، رۆژێک دوو برا بە یەکەوە بوون، گوتیان:
ـ مامۆستا ئێمە براین و لفە دوانەین، ناکرێ هەر یەکمان پارە بدەین؟
مامۆستا فەرمووی:« نابێ! ئێوە ئەشێ هەر لە ئێستاوە فێر بن، لە سەر پێی خۆتان راوەستن، کەس خۆی بە کەس بە خێو نەکا! کەس پووڵ بۆ کەس خەرج نەکا، ئەگەر وابێ براکەت گۆڤارەکە ناخوێنیتەوە، لە بەر ئەوەی پووڵی پێنەداوە.»

بێجگە لە مانەش دوای سێ رۆژ دەبوو هەر کەسە و بە گوێرەی توانای خۆمان ئەو گۆڤارەی کە بە پارەی خۆمان کڕیبوومان بۆ مامۆستاکەمانی وەخوێنین.

## جـا ڵجـاڵــــــۆکـە

هە بوو نەبوو، زەمانی زوو، زۆر پێش ئێستا، دەشت و کێو، درەخت و دار بوو، چوار وەرزی ساڵ وەک بەهار بوو، دوور لە ئێستا کەلاکی خەم،بۆنی نەبوو، لە گوند و شار کەسێک باری نەدەبوو لار، لە گشت ماڵی شار و دێهات، بەزم و شادی جمەی دەهات، حەساوە بوون

ئیختیار و پیر ، باوی نەبوو کۆت و زنجیر، بەری ئاسۆگی تەم نەبوو، مرۆ دڵی بە خەم نەبوو، دنیا ژینگەی سانەوە بوو، بە دوور لە چەوسانەوە بوو، چیای زاگرۆس کەژ و بەژی، لە دارستان ببوو تەژی، زیندەواران لە گشت لاوە، بەڕێ دەچوون بێ ئاژاوە، مرۆ کاری کشت و کاڵ بوو، کوانووی گەرمی لە نێو ماڵ بوو، لەم دارستان و مێشەدا، لەم مێشە بێ کێشە دا، ژینەوەران درشت و ورد، هەر یەکەی بەشی خۆی دەبرد، گیاندارانی دەشت و کێوی، ورچ و بەراز و گورگ و ڕێوی، باڵندەکان ، سەقر و بازان، هیچیان لە خەتیان نەدەترازان، زیخیان نە دەگرت لەم و لەو، نە قەل و داڵ نە باز و کەو، نە دۆڕان و نە بەزین بوو، نەچارەوا پشت بەزین بوو، ورگی بەرەی ئادەمیزاد جێگەی گۆشت و کەلاک نەبوو، ئەوساش هەر دەسووڕا زەوی، کەژ و بەژ و بەرز و نەوی، دەگەشایەوە مانگ و خۆر، زۆردار نەبوو لە سەر بێ زۆر، وەختێ تەوژم و تینی تاو، گیانی دەبەر زەوی راکرد، فرە هەڵچوونی پەیا کرد، ئەمجار پێشکیان دەخستە کار، زیندەوەران بیرۆکەی سەیریان پەروەراند، مەیموونێ بوو دەم و چەوتی زل، تەژە و زل و زەبەلاحی، گوڕاندی تۆمی تەماحی، لە هەر جێ پێی رەشی دانا، سەفا و خۆشی لەوێ رانا، ئاڵۆزی خستە گشت هۆزێ، خۆشی پێ نەهێشتن تۆزێ، کاری شەڕ و ئاژاوە بوو، ئەو حەزی لە کەلاوە بوو!

زیرە و زیقەی گوێچکەی دەبرد، هەرچی پێی خۆش بایە دەیکرد، بەڵام هەر ئەوەندە بەس بوو، جاڵجاڵۆکەی بدیبایە، ئیتر چاوت لێکردایە، رۆحی دەهاتە سەر کەپۆ، وازی دێنا لە مڵ ومۆ! ئیتر هەرچی بوو گیانداری، وەڕەز ببوون لە ئاکاری، کۆبوونەوەیان دانا، بیری پتەو و زیت و زانا، یەکگرن بۆ چارەی دەردان، مەیموون بدەنە بەر بەردان، تەمێی کەن با زۆردار نەبێ، با

چیدیکە لاسار نەبێ، فەرموودەیان دا بە گوێیا، کەچی ئەو هەر نەبوو رازی، خۆی پاشا بوو هەر خۆی قازی، ئیتر شێر و باز و هەڵۆ، گشت وەخڕ بوون مەڵۆ مەڵۆ، وتیان:

ـ جاڵجاڵۆکە بێنن هەمووی لە گیانی وەرێنن، مەل و مار و جرج و خزۆک، هانایان بردە دا پیرۆک، گشتیان لە مەیموون راپەڕین، لە دڵیان دابوو داخ و قین، تێکیان دا بەخت و تۆماری، وەرگەڕا تەختی خونکاری، ئاوەدانی گەڕایەوە، هەموو دڵیان کرایەوە، بۆیە ئێستاش لێرەواران، سەفا و خۆشی بەرزی داران، خەم و خەفەت دەڕەوێنێ، موژدەی حەسانەوە دێنێ.

## بـــاخچـــەی زارۆکـــــان

ئەسرین و ساکار ماڵەکانیان وەکوو ئاوێنە رووبەڕووی یەکدین! هێشتا نەچوونەتە قوتابخانە، بەڵام بە یەکەوە دەچنە باخچەی ساوایان.
حەوتەمین رۆژ هەینی بوو، ئەسرین چوو بە شوێن ساکاردا، گوتی: «وەرە بە یەکەوە یاری بکەین.»
ساکار لە وڵامدا گوتی: «منیش حەزم لە یارییە، دێم بە یەکەوە یاری دەکەین.»
ئەو دوو کیژۆڵە جوانە هەر لە بەر درگای خۆیان بە پەلک و چڵی رێحانە و گەسکە شاری باخچەیەکی گچکۆکەیان ساز کرد! بە خیز و خۆڵ حەساریان بە دەوردا کێشا، درگایان بۆ هێشتەوە، دەورو بەری خۆیان ئاو پرژێن کرد و ئاویان کردە بن رێحانە و گەسکەکانەوە.
باخچەکەیان هەر چەندە چکۆلە بوو، بەڵام لە پێش چاوی ئەوان زۆر لە باخی پاشا جوانتر بوو! باخیان رازاندەوە و بە دەوریدا ملیان نا لە سەما کردن و گۆرانی گوتن:

باخی بە رێحانە و گوڵ
ئاوی بۆ دێنین بە گیان و بە دڵ
باخی بەر ماڵان لە دوور دیارە
دارێکی سێوە و یەکی هەنارە
پڕە لە ژاڵە باخەکەی بەر دێ
کاکم میوانە یا خوا بە خێر بێ
کاکم میوانە بەخێر بێتەوە
لە ژێر داری توو بحەسێتەوە
خۆی باوەشێن کا بە رێحانە و گوڵ

تێر بکا سەیری پەپوولەی سەر چڵ

ئەگەر چی ساکار وردیلە و بێ دار و بار بوو، بەڵام وریا و زیت و زۆر زان بوو، ئەو شێعر و هەڵبەستانەی لە باخچەی ساوایان فێر ببوو، وێنەی زۆر جوانیشی دەکێشایەوە، دەفتەرێکی جوانی پڕ کردبوو لە وێنەی مامز و فیل و دار هەنار و پەپوولە و بووکە شووشە...

ئەسرین دەیگوت: «منیش حەزم لە ژەنینی مۆسیقایە.»

بابی لە ژەنینی کەماندا مامۆستایەکی دەست رەنگینە.

نزیک نیوەڕۆ بیریان کردەوە چەند تەپۆڵکە و کێوێک لە دەوری باخەکەیان چێ بکەن، بەو مەبەستە دوو سێ کۆما خۆڵیان قوت کردەوە، هەر لەو کاتەدا کە دەستیان لە خۆڵەکەدا بوو، پیرە مێردێک بە لایاندا هات و گوتی: «منداڵینە بەم گەرمایە بۆ دەست لەو خۆڵە وەر دەدەن؟ خۆتان پیس مەکەن!»

ساکار وەک ئەوەی لە مێژ بێ خۆی بۆ وڵامدانەوەی مامە پیرە ئامادە کردبێ، گوتی: «خۆڵ بۆ پیسە؟ ئەوە نییە بابم دەڵێ، ئێمە هەموومان لە گڵ و خۆڵ دروست کراوین!»

پیرە مێرد بە دەم رێگاوە گوتی: «چەند قسە زل و زیت و زۆر زانە.»

شەو لە کاتی شێو خواردندا بابی ساکار سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد، سەرنجی دابووە بەشی هەواڵەکان، بێژەر گوتی: «ئەمرۆ بە هۆی تەقینەوەیەکی بە هێز چەند گەڕەک لە بەغدا کاول بوون، لە ئەفغانستانیش فێرگەیەکی زارۆکان بە پاڵ باخێکەوە بە سەر یەکدا وێران بوو...»

ساکار بە پەلە خواردنەکەی بە جێ هێشت و خۆی گەیاندە بەر درگایماڵیان!

وەختێک دایک و بابی بە شوێنیدا رایان کرد، هەر دوو کیژۆڵە بە لای باخچەکەیانەوە راوەستابوون!

## ئاشقــــه و ماشقــــه

دایە پیرە زۆری حەز بە چارەی نەوەکانی دەکات.

هەوراز و ئاڵا حەزیان لە چیرۆکەکانی دایە پیرەیە، با بزانین ئەمجارە دایە پیرە چی بۆ مناڵە چاو گەشەکان دەگێڕێتەوە:

ـ دارستان سەر سەوز، دەر ودەشت پڕ لە گوڵ بوو، باڵندەکان ورد و درشت، ئاژەڵەکان هەر هەموویان خزمەتی دارستانیان دەکرد، کانی و رووبار بە جۆگەدا ئاویان دەنارد بۆ لێرەوار و باخەکان. بۆ جارە گوڵ، بۆ گەنم و جۆ و رەز و باخ...

پەپوولە بە باڵی رەنگینەوە باوەشێنی گولانی دەکرد، هەنگ گەرد و گوڵی هەڵاڵەی دەچنی.

هەتاو تیشکاوێژی دەکرد و زەوی دەبووژاندەوە، مانگە شەو بە ئەستێران ملوانکەی دەگرتەوە و دەیکردە ئەستۆی شەوی تاریک بە تریفەی جوانی دڵ، تەنگی شەوی دەسرِیەوە...

زستان مەندیلی چەرمگی دەکردە سەری چییا.

کێ دڵخۆش بوو؟ کێ ئاشق بوو؟

مناڵەکان بێدەنگ بوون، مەحتەل مابوون!

دایە گەورە گوتی: «پەپوولە، بولبول، کەناری، سەقر و باز و پیرە هەڵۆ و ... ئاسکە کێوی ، کەروێشک، ورچ و بزنە کێوی، زەڕافە و فیل...»

کێ خۆشحاڵ بوو؟

مناڵەکان، هەوراز و ئاڵا گوتیان:

ئێمە خۆشحاڵین.

نەنە گیان گوتی: «مەل و مراوی، مار و مێروو، کێ ئاشق بوو؟ ئێوە بێژن.»

مناڵەکان پێیان بێژم، بەڵێ ئاشقە و ماشقە!

بەیانی مرۆڤ پەیدا بوو، تەورداسی دروست کرد، دار و درەختی بڕی، گوڵی شێلا، چاوی بە ماری ئاشقە و ماشقە کەوت، بیری کردەوە، بە دار و بەرد سەری ماری پان کردەوە! هەر دوکیانی کوشت!

لەو رۆژەوە، لەو شوێنەی ماری ئاشقە و ماشقەی لێکوژراوە، بەهارانە گوڵ شین دەبێ و پەپوولەکان پۆل پۆل دێن و دەچن.

هەوراز و ئاڵا گوتیان:

«دایە پیرە گیان، بریا هیچ کەسێک ماری ئاشقە و ماشقە نەکوژێ، ئەی بۆ پەپوولە کەس ئازار نادا؟!»

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.